

لەبەر خۆشەویستی بێ سنووریان بۆ لیۆنێل مێسی..

# 50 هەزار ئەرجەنتینی ناویان لیۆنێلە

رووداوی وەرزشی ـ TANGO

لیۆنێل مێسی، ئەستێرەی یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی، تەنیا لە وڵاتەکەیدا نوێنەرایەتی تۆپی پێ ناکات، بەڵکو بووەتە سیمبول و نموونەیەکی چاولێکەر، بەهۆی ئەو وێنە جوانەی نیشانی دەدات.

ئەو راستییە لە بەرنامەی تەلەڤزیۆنێکی لۆکاڵی دووپاتکرایەوە، کە دەریدەخات نزیکەی 50 هەزار منداڵی ئەرجەنتینی لە تۆمارەکانی مەدەنیدا بەناوی (لیۆنێل) تۆمارکراون، لەماوەی 10 ساڵی دەرکەوتنی مێسیدا، واتە لە 2004 تاوەکو 2014. لەو بەرنامەیەدا کە بەناونیشانی "مۆندۆ لیۆنێل" بوو، باس لەوە کرا کە ناونانی ئەو هەموو منداڵە بەناوی لیۆنێل، لەبەرئەوەیە کە دایک و باوکیان لە خۆشەویستی مێسی ئەو ناوەیان لە کوڕەکانیان ناوە.

هەمان بەرنامە دەریخست 13 هەزار منداڵی ئەرجەنتینی لە ساڵی 2004 ناوی لیۆنێلیان لێنراوە، لەو ساڵەی ئەو یاریزانە بەناوبانگە دەرکەوت، ئەوەش دووپاتیدەکاتەوە کە ئەرجەنتینییەکان هەرزوو پێشبینی ئەوەیان کردووە کە (بۆلگا) دەبێتە ئەستێرەیەکی بەناوبانگ لە ئایندەدا.

خوان دامیکۆ، بەڕێوەبەری فەرمانگەی تۆمارەکانی لەدایکبوون لە ئەرجەنتین، دووپاتیکردەوە زۆرترین قۆناخ کە خێزانەکان ناوی (لیۆنێل)یان لە منداڵەکانیان دەنا، لەماوەی هەردوو مۆندیالی 2010 لە باشووری ئەفریقیا و 2014 لە بەرازیل بوو، کە مێسی بەشداری تیایاندا کردووە "ساڵی 2010 لە ئەرجەنتین 5300 منداڵ ناوی لیۆنێلیان لێنراوە، کەچی لە مۆندیالی بەرازیل ژمارەکە بۆ 6000 بەرزبووەتەوە".


WWW.RUDAW.NET

رووداو وەرزشی

ژمارە (457) سێشەممە 2017/7/18 27ی پووشپەڕ - 2717 (500) دینار رۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم دەریدەکات


لویس فابیانۆ، هێرشبەری بەناوبانگی پێشووی هەڵبژاردەی بەرازیل، بۆ (رووداو):

# ئاسۆی هەڵبژاردەی بەرازیل روونە



"هەموومان دڵخۆشین کە توانیومانە تەپۆزی (7 ـ 1)کەی ئەڵمانیا لە خۆمان بتەکێنین"

"ناچمە یانەی شەوانە، بیرەو مەشروب ناخۆمەوە، بۆیە وەک زۆربەی یاریزانە بەرازیلییەکان زوو وازم لە یاری نەهێناوە"

7

رۆندک عەلی:

## خۆشەویستیم بۆ باتیستۆتای ئەرجەنتینی وایلێکردم روو لە تۆپی پێ بکەم



2

## ژنەکەی خامیس لە ئەڵمانیا هەرا دەنێتەوە



5

## دۆناروما بە مەرجی وەرگرتنی براکەی لە میلان ماوەتەوە



3



## ریال مەدرید رۆناڵدۆ لە هاوڕێکانی دووردەخاتەوە

3


KOREK Telecom

هەمیشە دڵشادبە

ئینتەرنێتی رۆژانە و هەفتانە و مانگانەی بێسنوور لە (کورەك)ەوە

رووداو وەرزشی
ژمارە (457)
سێشەممە 2017/7/18



### یانەیەکی نوێ

ئەحمەد یاسینی یاریزانی کوردی هەڵبژاردەی عێراق، کە نیشتەجێی سوێدەو لە خولی ئەو وڵاتە یاری دەکات، بەشێوەیەکی فەرمی گرێبەستێکی لەگەڵ یانەی هاکنی سوێدی واژووکرد، کە یەکێکە لە یانەکانی خولی پلە نایابی سوێد. ئەو یاریزانە کوردە، پێشتر بۆ یانەکانی ئۆربیرۆ و ئایکی سوێدی و هەروەها ئاهۆسی دانیمارکی یاریکردووە. لە خولی ئەستێرەکانی قەتەریش یاری بۆ یانەی معێزر کردووە.

KOREK Telecom

## رۆندک عەلی، کچە یاریزانی هەڵبژاردەی ئافرەتانی عێراق:

# حەزدەکەم هەڵبژاردەی ئافرەتانی کوردستان دابمەزرێت



### «لەپێناو یانەی زێرەڤانی 2 یانەی گەورەی عێراقیم رەتکردووەتەوە»

کارزان کانەبی
رووداوی وەرزشی - دهۆک

رۆندک عەلی، یاریزانی تیپی فوتساڵی یانەی زێرەڤانی، بە (رووداوی وەرزشی) گوت «وەک یاریزانێکی هەڵبژاردەی عێراق هیواخوازم رۆژێک لە رۆژان هەڵبژاردەی ئافرەتانی کوردستان دروست بێت و یاری بۆ بکەم». هەروەها گوتیشی «هەردوو یانەی شورتە و جەوییەم رەتکردەوە لەپێناو خۆشەویستی یانەی زێرەڤانی».

رۆندک عەلی، کچە یاریزانی شاری دهۆک و یاریزانی تیپی فوتساڵی یانەی زێرەڤانی و هەڵبژاردەی تۆپی پێی عێراق کە خاوەن ئاستێکی بەرزە لە یاری کردن و پێشووتریش یاری بۆ هەریەک لە یانەکانی دهۆک، حدود، زاخۆ و گارە کردووە، لەبارەی سەرەتای وەرزشیی خۆی، بە (رووداوی وەرزشی) گوت «من وەک هەموو یاریزانێک هەر لە قوتابخانەکانەوە دەستم بە وەرزش کردووەوە چەندین یاری وەرزشیم کردووە، بەڵام خۆشەویستیم بۆ یاریزانی ئەرجەنتینی گابرییێل باتیستۆتا وایلێکردم یاری تۆپی پێی هەڵبژێرم». ئەو لەبارەی ئاستی تۆپی پێی ئافرەتان لە کوردستان گوتی «ئێستا ئاستی یاری تۆپی پێی فوتساڵ لەچاو ساڵانی پێشتر، پێشکەوتنی باشی بەخۆیەوە بینیوەو گرنگی زیاتری پێدەدرێت، هەرچەندە نەکردنەوەی خول لە کوردستان وا لە کچانمان دەکات ئاستیان بێتە خوارەوە، بۆیە ئێمە وەک کچە یاریزانان لەگەڵ هاورێیەکانمان بەردەوام یاری دۆستانە دەکەین تەنیا بۆ ئەوەی ئاستمان دانەبەزێت».

رۆندک عەلی، هەروەها گوتیشی «پێویستە لە هەموو شارەکانی کوردستان قوتابخانەی پێگەیاندنی یاریزانان بکرێتەوە، بۆ ئەوەی ئاستی یاری تۆپی پێی ئافرەتان زیاتر پێشڤەچوون بەخۆیەوە ببینێت، هیوادارم بەرپرسانی وەرزشیی خولی کچانمان بۆ بکەنەوەو ماوەی خولەکان زیاتر بێت نەک تەنیا بۆ چەند رۆژێک بێت».

لەبارەی دەنگۆی ئەوەی کە لە یانەکانی عێراقەوە گرێبەستی بۆ هاتووە، ئەو کچە یاریزانەی یانەی زێرەڤانی گوتی «لەلایەن هەریەک لە یانەکانی شورتە و جەوییەوە گرێبەستم پێشکەش کرا، بەڵام ناتوانم جگە لە یانەی زێرەڤانی بۆ هیچ یانەیەک یاری بکەم، لەبەرئەوە گرێبەستی ئەو دوو یانە گەورەیەی عێراقم لەپێناو خۆشەویستی یانەی زێرەڤانی رەتکردەوە».

رۆندک عەلی، لەبارەی ئاواتەکانییەوە بە (رووداوی وەرزشی) گوت «من وەک کچە یاریزانێکی کوردی هەڵبژاردەی عێراق، بەهیوای ئەوەم رۆژێک لە رۆژان هەڵبژاردەی ئافرەتانی کوردستانیش دامەزرێت و بە ئاڵای کوردستان و لەژێر ناوی هەڵبژاردەی کوردستان بەشداری لە خول و پاڵەوانیەتییەکانی دەرەوە بکەین».

### «خۆشەویستیم بۆ باتیستۆتای ئەرجەنتینی وایلێکردم روو لە تۆپی پێ بکەم»

## هۆزان ئازاد، یاریزانی کوردی یانەی بەغداد:

# جارێکی دیکە ناگەڕێمەوە کوردستان



### گرێبەستی 2 یانەی ئەوروپیم رەتکردووەتەوە

رووداوی وەرزشی - بەغداد
کارزان کانەبی

هۆزان ئازاد، یاریزانی پێشووی یانەی زاخۆ و ئێستای یانەی بەغداد، بە (رووداوی وەرزشی) راگەیاند گرێبەستی 2 یانەی ئەوروپی رەتکردووەتەوەو گوتی «بڕیارم داوە جارێکی دیکە یاری بۆ یانەکانی کوردستان نەکەمەوە، بەڵام خەونی منە یاری بۆ هەڵبژاردەی کوردستان بکەم».

هۆزان ئازاد، لە سەرەتای دەستپێکی وەرزی نوێی خولی نایابی یانەکانی عێراقی پەیوەندی بە یانەی زاخۆوە کرد بۆ یاریکردن لە خولی عێراقی، بەڵام بەهۆی نەگونجانی لەگەڵ یانەکە، گرێبەستەکەی هەڵوەشاندەوەو یانەی زاخۆ بۆ دەستبەرداربوونی بڕی 20 ملیۆن دیناری لێوەرگرتەوە، ئێستاش هۆزان بڕیاری ئەوەی داوە تەنیا یاری بۆ یانەی بەغداد بکات.

هۆزان ئازاد، لەو بارەوە بە (رووداوی وەرزشی) راگەیاند، هۆکاری جێهێشتنی یانەی زاخۆ ئەوەبوو کە ئەوان بڕی گرێبەستەکەیان وەک پێویست پێی نەداوەو گوتی «لەبەرئەوە ریزی یانەکەم جێهێشت و ئەوانیش لە بەرامبەر دەستبەرداربوون لە من داوای پارەیەکی زۆریان لێکردم، بڕی 20 ملیۆن دیناریان لێوەرگرتم».

هۆزان هەروەها گوتیشی «یانەی بەغداد بۆ قۆناخی دووەمی خولی عێراقی بە بڕی 50 ملیۆن دینار گرێبەستی لەگەڵ کردووم، کە بەڕاستی لەگەڵ ئەو یانەیە زۆر ئاسوودەم، چونکە یانەیەکی گەورەیە و خاوەن کۆمەڵێک یاریزانی بەتوانا و راهێنەرێکی بە ئەزموونە».

لەبارەی ئەو دەنگۆیانەی گوایە چەند گرێبەستێکی لە یانە ئەوروپییەکانەوە بۆی هاتوو، هۆزان گوتی «لە هەریەک لە وڵاتی سوێد و نەرویژ لە یانەکانی پلە یەکی ئەو وڵاتانە 2 گرێبەستم پێشکەشکراوە، بەڵام لەسەر بڕی گرێبەستەکە رێکنەکەوتووین، بۆیە پەیوەندیم بە یانەی بەغدادەوە کرد، ئەوان پارەیەکی وەک پێویستیان بۆ من دانەنابوو بۆیە رازی نەبووم یارییان بۆ بکەم».

لەبارەی گەڕانەوەشی بۆ یانەکانی کوردستان، هۆزان گوتی «جارێکی دیکە ناگەڕێمەوە کوردستان و یاری بۆ هیچ یانەیەکی کوردستان ناکەمەوە».

ئەو یاریزانە کوردە دووپاتیکردەوە کە لە بەغداد وەک یاریزانی کورد زۆر رێزیان لێدەگرن و «لە یانەی بەغداد هەموومان بە راهێنەر و یاریزانانەوە بە یەک تیم یاری دەکەین و زۆر رێزی یەکدی دەگرین، بۆیەش هەست دەکەم لەگەڵ ئەو یانەیە ئاستم زۆر باشە، بەهیوای ئەوەم باشترین ئاست لەگەڵ ئەو یانەیە پێشکەش بکەم و ماوەیەکی زیاتریش لە ریزی یانەکە بمێنمەوە».

بەپێچەوانەی یانەکانی کوردستان، هۆزان زۆر حەزدەکات یاری بۆ هەڵبژاردەی کوردستان بکات و دەڵێت «بەهیوای ئەوەم رۆژێک لە رۆژان یاری بۆ هەڵبژاردەی کوردستان بکەم، ئەگەر داوام بکەن بە شانازییەوە ئامادەم».

ئەو یاریزانە کوردەی یانەی بەغداد، هەروەها داوای لە یەکێتی تۆپی پێی کوردستان کرد ئەو سزایەی لەسەر هەڵگرێت کە لە خولی کوردستاندا بەسەریدا سەپێنراوە.



### «بە شانازییەوە یاری بۆ هەڵبژاردەی کوردستان دەکەم»

## بەهرەیەکی میللی..

# ئیکەر فەرمان... راهێنەرێکی لاو و بەتوانا



ئا: شێروان شێرزاد

زۆر لەو بەهرە میللیانەی هەر لە تەمەنێکی بچووکەوە هەوڵی دەرخستنی تواناکانی خۆیان دەدەن، بەپیشەی جوان و ئەنجامدانی چالاکی ناوازە ئاماژەی ئەوەیان پێیە لە داهاتوودا ببنە کەسانی بەتوانا. فەرمان عەبدولجبار، دانیشتووی شارۆچکەی بەحرکەیە، هەر لە منداڵییەوە خولیای وەرزش بووەو یەکێک لەو وەرزشوانە دەگمەنانەیە، کە هەرگیز لە وەرزشکردن بەتایبەتی تۆپی پێ ماندوو نابێت، ئەو هەمیشەو بەچەندین شێوە هەوڵیداوە پەرە بەتواناکانی خۆی بدات.

فەرمان عەبدولجبار، کە ساڵی 1996 لە شارۆچکەی بەحرکە لەدایکبووە، دەرچووی پەیمانگەی تەکنیکی گارگێڕی هەولێرە، وەرزشوانێکە بەشێکی زۆری کاتەکانی بۆ بواری وەرزش و خزمەتکردنی وەرزشوانان لە یاریگە جیاجیاکان تەرخان دەکات. فەرمان، وەک هەر وەرزشوانێکی دیکە سەرەتا وەک گۆڵپارێز یاری بۆ هەردوو تیپی میللی (قەرەچووغ و چارچەلی هەرکی) کردووە، بەڵام بەهۆی بوونی پێکانێکی قورس لەپشتییەوە وازی لە پیشەی گۆڵپارێزی هێناوە، دواتر ئارەزووی کاری راهێنەرایەتی کردووە، بۆ ئەم مەبەستەش تیپی تازەپێگەیشتووانی چارچەلی هەرکی دادەمەزرێنێت و هەر خۆیشی سەرپەرشتی دەکات وەک راهێنەر.

ئەو راهێنەرە لاوە لەم ماوەیەدا توانیەتی چەند نازناوێک بۆ ئەم تیپە بەدەستبێنێت و تیپەکە بگەینێتە بەرزترین ئاستی خۆی.

فەرمان، سەرەڕای ئەوەی تەمەنێکی بچووکی هەیە، بەڵام توانایەکی زۆری هەیەو هاوشێوەی گەورەکان رەفتار دەکات، لەناو وەرزشوانانی بەحرکەو دەڤەرەکە رێزێکی زۆری لێدەگیرێت و زۆریش خۆشەویستە. فەرمان، زۆر سەرسامە بە گۆڵپارێزی بەناوبانگی ئیسپانی، ئیکەر کاسیاس، بۆیە لە دەڤەرەکەیدا بە "ئیکەر فەرمان" ناسراوەو هەر بەم ناوەش بانگدەکرێت و دەناسرێتەوە، تەنانەت ئەکاونتەکەیشی لەفەیسبووک هەر بەم ناوە داناوە.

فەرمان، زۆر سوپاسی ئەو کەس و لایەنانە دەکات کە پشتگیریان کردووە بەتایبەتی کاپتن عەبدولڕەحمان فەریق، شاخەوان سیروان، رەوەند لوقمان و ساڵح عزیز، تاکە هیواشی ئەوەیە لەگەڵ تیپەکەیدا بگات بەهەموو ئامانجەکانی و پێگەیاندنی نەوەیەکی نوێ بۆ زیاتر مانەوەی تیپەکەی بە گەورەیی لە دەڤەرەکە.


KOREK Telecom

# هەمیشە دڵشادبە

ئینتەرنێتی رۆژانە و هەفتانە و مانگانەی بێسنوور لە (کورەك)ەوە




لەگەڵ کورەك بەکارهێنانی ئینتەرنێت هیچ سنوورێکی نییە. هەر ئێستا بەشداربە لە پاکێجەکانی ئینتەرنێتی کراوە, بە پێی ئەم ووردەکاریيانەی خوارەوە:

- پاکێجی رۆژانە: تەنها بە 2,000 دینارە و بۆ ماوەی 24 کاتژمێر بەردەستە
- پاکێجی هەفتانە: تەنها بە 7,000 دینارە و بۆ ماوەی 7 رۆژ بەردەستە
- پاکێجی مانگانە: تەنها بە 30,000 دینارە و بۆ ماوەی 30 رۆژ بەردەستە

بۆ بەشداریکردن لە پاکێجی رۆژانە بە نامەیەك ژمارە 1 و بۆ پاکێجی مانگانەش ژمارە 3 بنێرە بۆ 250, یاخود پەیوەندی بکە بە #250*

411

korektel.com

## دیلە

جەماوەری تۆپی پێی فەرەنسی تووڕەو نا ڕازییە لەو دەستەڵاتە ڕەهایەی قەتەرییەکان بەسەر یانەی پاریس ســانجێرماندا سەپاندووە، چونکە پێیانناخۆشە گەورەترین یانەی وڵاتەکەیان وەک دیلێک بکەوێتە دەست قەتەرییەکان، کە بە ئارەزووی خۆیان هەڵیدەسوڕێنن. پێشتریش هاندەرانی یانەی باستیا، لە یارییەکی خولی فەرەنسادا، لافیتەیەکیان بەرزکردەوە، کە لەسەری نووسرابوو «قەتەر باربووی پی ئێس جی و تیرۆر دەکات».

KOREK Telecom

ئێستا دوو برا بەرگری لە گۆڵی میلان دەکەن..

# ”دۆناروٚما بە مەرجی وەرگرتنی براکەی لە میلان ماوەتەوە“



”دۆناروٚمای برا گەورە دەبێتە یەدەگی دۆناروٚمای برا بچووک“

## مارکۆ فاسۆنی: ئێمە لەبەر خاتری دۆناروٚما گرێبەستمان لەگەڵ براکەی نەکردووە

**ڕووداوی وەرزشی ـ CNBC**

بەڕێوەبەری وەرزشیی یانەی ئەی سی میلانی ئیتاڵی، هەموو ئەو هەواڵانە ڕەتدەکاتەوە کە باس لەوە دەکەن گوایە بەرپرسانی میلان بە مەرجێکی سەیر کە جیانلویجی دۆناروٚما بەسەریدا سەپاندوون توانیویانە ڕێگە لە ڕۆیشتنی ئەو گۆڵپارێزە لە یانەکەیان بگرن.

دوای نوێکردنەوەی گرێبەستی جیانلویجی دۆناروٚما لەلایەن یانەی ئەی سی میلانەوە، کە پێشتر بە ئاشکرا داوای ڕۆیشتنی لەو یانەیە دەکرد، هەندێک لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە ئیتاڵیا ئاشکرایانکرد ”دۆناروٚما بۆ مانەوە مەرجێکی سەیری بەسەر بەرپرسانی میلاندا سەپاندووەو ئەوانیش لەپێناو هێشتنەوەی ئەو گۆڵپارێزە لاوە بەتوانایە مەرجەکەیان قبوڵ کردووە“.

ئەو سەرچاوانە، گوتیان ”جیانلویجی دونارۆما بە بەرپرسانی میلانی گوتبوو ئەگەر دەتانەوێ من لە میلان بمێنمەوە، پێویستە گرێبەست لەگەڵ ئەنتۆنیۆ دۆناروٚمای برای بکەن، کە ئەویش گۆڵپارێزەو لە خولی یۆنانی یاری دەکرد“. بەپێی ئەو سەرچاوانە بەرپرسانی میلان بەو مەرجەی ڕازی بوونەو گرێبەستیان لەگەڵ ئەنتۆنیۆی برای کردووە کە تەمەنی 27 ساڵەو گۆڵپارێزی یانەی ئەستیراسی یۆنانی بوو، بەمەش دۆناروٚمای برا گەورە دەبێتە یەدەگی دۆناروٚمای برا بچووک.

مارکۆ فاسۆنی، بەڕێوەبەری وەرزشیی یانەی میلان، زۆر بە توندی ئەم هەواڵانە ڕەتدەکاتەوەو بە درۆ و قسەی هەڵبەستراو لە قەڵەمیان دەدات و لە لێدوانێکدا کە ماڵپەڕی فوتبۆل ئیتاڵیا بڵاویکردووەتەوە، دەڵێت ”درۆیە، دۆناروٚما بەهیچ شێوەیەک مەرجێکی لەو جۆرەی نەخستووەتە بەردەممان، ئێمە کە گرێبەستمان لەگەڵ ئەنتۆنیۆی برای کردووە، بێجگە لە بڕیارێکی وەرزشی هیچ هۆکارێکی دیکەی لەپشت نییە“. هەروەها گوتیشی ”ئەنتۆنیۆش گۆڵپارێزێکی باشە، من بە ئاستی ئەو ڕازیم و بێگومان سوودی لێوەردەگرین“.

ئەنتۆنیۆ دۆناروٚما، وەک جیانلویجی برای گۆڵپارێزێکی باڵابەرز و زەبەلاحە، کێشی 96 کیلۆگرامە و درێژی باڵاشی 192 سانتیمەترە، پێشتر لە تیپی تازەپێگەیشتووانی میلان بووە، دواتر بۆ یانەی جەنەوا یاریکردووەو لەوێشەوە چووەتە ڕیزەکانی یانەی ئەستیراسی یۆنانی.

لەوانەیە ئەوە کاریگەری بەسەر ئاستی یاریکردنی هەبێت..

# ریال مەدرید ڕۆناڵدۆ لە هاوڕێکانی دووردەخاتەوە



**ڕووداوی وەرزشی ـ GULF NEWS**

ڕۆژنامەی مارکای ئیسپانی نزیک لە یانەی ریال مەدرید، هەواڵێکی سەیر لەسەر کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی ئەستێرەی پورتوگالی یانەی شاهانە بڵاودەکاتەوەو دەڵێت ”ریال مەدرید کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ لە هاوڕێکانی دووردەخاتەوە“.

بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی مارکا، لە میرکاتۆی ئەم هاوینەدا ریال مەدرید هەموو ئەو یاریزانانەی فرۆشتووە کە هاوڕێی هەرە نزیکی ڕۆناڵدۆن و لە ژووری جلگۆڕینی یانەکەدا پاڵپشتی گەورەی دۆن بوون و دەڵێت ”تەنیا مارسیلۆی بەرازیلی لە ریال مەدرید ماوەتەوە کە هاوڕێیەکی زۆر نزیکی ڕۆناڵدۆیە، لەوانەیە ئەمەش کاریگەری نەرێنی بەسەر ئاستی یاریکردنی ڕۆناڵدۆوە هەبێت“.

بەپێی ئەو ڕاپۆرتەی مارکا، هەردوو یاریزانی پورتوگالی فابیۆ کوینتراو و پیپێ دوو هاونیشتیمانیی و هاوڕێی نزیکی ڕۆناڵدۆ بوون، کەچی لەلایەن ریال مەدریدەوە فرۆشرانە یانەکانی سپۆرتینگ لیشبۆنەی پورتوگالی و بێشکتاشی تورکی، هەروەها خامیس ڕۆدریگزیش، کە هاوڕێیەکی زۆر نزیکی ڕۆناڵدۆ بوو، لەلایەن ریال مەدریدەوە فرۆشرایە بایرن میونشنی ئەڵمانی.

مارکا لەو بارەوە هەروەها نووسیویەتی ”یانەی شاهانە ڕۆناڵدۆ لە 3 هاوڕێی دووردەخاتەوەو تەنیا مارسیلۆ ماوە کە یەکێکە لە 4 نزیکترین هاوڕێکانی ڕۆناڵدۆ لە ریال مەدرید“.

کایلی واکەر بە زیاتر لە 50 ملیۆن یۆرۆ بووە یاریزانی مانچێستەر سیتی..

# گرانترین بەرگریکاری مێژوو عەیبدارە



**ڕووداوی وەرزشی ـ SPORT**

ئەستێرەیەکی پێشووی هەڵبژاردەی ئینگلتەرا، ئاشکرای دەکات کایلی واکەری بەرگریکاری ئینگلیزی یانەی تۆتێنهام، کە لەلایەن یانەی مانچێستەر سیتییەوە بە گرێبەستێک کرایە گرانترین بەرگریکار لە مێژووی تۆپی پێدا، یاریزانێکی عەیبدارەو دەڵێت ”کایلی کێشەیەکی گەورەی هەیە“.

پیپ گواردیۆلای ڕاهێنەری مانچێستەر سیتی، بڕی زیاتر لە 50 ملیۆن یۆرۆی بە تۆتێنهام دا لەپێناو تواناکانی واکەر، کەچی گاری لینیکەری گۆڵکاری مۆندیالی 1986ی مەکسیک، پێیوایە ئەو یاریزانە سەرەڕای تواناکانی عەیبێکی گەورەی هەیەو دەڵێت ”ئەگەر واکەر ئەو عەیبەی نەبووایە شایەنی زیاتر لە 50 ملیۆن یۆرۆ بوو“.

گاری لینیکەر، لە تویتەرەکەی خۆی، تویتێکی سەبارەت بەو عەیبەی واکەر کردووەو نووسیویەتی ”بەداخەوە کە واکەر نازانێت پاسی دوور و بە پانی بۆ هاوڕێکانی بهاوێژێت، ئەگەر ئەو سیفەتەشی هەبووایە پارەی زۆرتری شایەن بوو“.

گاری لینیکەر، هێرشبەری پێشووی یانەی تۆتێنهامی لەندەنی و هەڵبژاردەی ئینگلتەرا، هەروەها گوتیشی ”بێنە بەرچاوی خۆت ئەگەر واکەر ئەم عەیبەی نەبووایە شایەنی چەند دەبوو؟!“.

کایلی واکەر، 27 یاری بە درێسی هەڵبژاردەی ئینگلتەرا کردووەو 228 یاریشی بۆ تۆتێنهام ئەنجامداوە، کە لەوەتەی وەرزی 2009 ـ 2010ەوە پەیوەندی پێوە کردووە. لە وەرزی ڕابردووشدا 39 یاری بۆ تۆتێنهام کردو 5 ئاسیستیشی هەبوو.

بڕوا بکەی یان نا؟!

# ئالڤێش بەهۆی مۆسیقا لە یوڤێنتۆس ڕۆیشتووە

”من شێت نیم بمەوێ هەموو بنەماکانی یوڤێنتۆس بگۆڕم، بەڵام ژیان پێویستی بە هەندێک شێتایەتیش هەیە“

**ڕووداوی وەرزشی ـ GULF NEWS**

بەهۆی ئەو ئاستە بەرزەی لە یەکەم وەرزیدا لەگەڵ یوڤێنتۆس پێشکەشی کرد، پێشبینی نەدەکرا دانی ئالڤێشی بەرگریکاری بەرازیلی ڕیزەکانی ئەو یانەیە جێبهێڵێت، بۆیە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەدوای هۆکارەکانی ئەو بڕیارەی ئالڤێشدا گەڕان و زۆر لێکدانەوەیان بۆ کرد، کەچی ئالڤێش هۆکارە سەیرەکەی بۆ ڕۆژنامەیەکی فەرەنسی ئاشکرا کرد، کە لەوانەیە بڕواپێکردنی زەحمەت بێت.

یانەی پاریس سانجێرمانی فەرەنسی، گرێبەستکردنی فەرمی لەگەڵ دانی ئالڤێشی یاریزانی پێشووی یوڤێنتۆسی ئیتاڵی ڕاگەیاند و ئالڤێش کۆتایی بە گرێبەستەکەی لە یۆڤی هێنا، بەمەش بە خۆڕایی ڕووی کردە پاریس سانجێرمانەوە.

ئالڤێش باسی ئەو ماوەیەی کرد، کە لەگەڵ بیانکۆنێری بەسەری بردو لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی لیکیپی فەرەنسی گوتی ”یوڤێنتۆس لێم تێنەگەیشت، لە ناوەوەو دەرەوەی یاریگە، هەرچەندە دواتر شتەکان بەرە بەرە باشتر بوون“. هەروەها گوتی ”لە سەرەتادا تووشی دەردەسەری زۆر بووم، چونکە لە من نەدەگەیشتن، لە ناوەوە و دەرەوەی یاریگەدا“. دانی ڕوونیکردەوە ”شتەکە هەندێ کاتی پێویست بوو، تاوەکو لەسەر خاڵێک، لەوەی من بیری لێدەکەمەوە و ئەوەی ئەوان پێیانوایە بەیەک بگەین، هەر کە لەسەر ئەو خاڵە بەیەک گەیشتین، ئەنجامەکان هاتنە ئاراوە“.

ئەو یاریزانەی پێشووی یانەی بارسیلۆنای ئیسپانی، گوتی ”هەوڵمدەدا هەندێ خۆشی بخەمە نێو ژووری جلگۆڕینەوە، بێهیوایی؟ بۆ نموونە لە ژووری جلگۆڕیندا، ڕێگەیان پێ نەدەداین گوێ لە مۆسیقا بگرین، من بەبێ مۆسیقا و سەماکردن ناتوانم بژیم“.

دانی لە کۆتایی قسەکانیدا گوتی ”من کەسێکی شێت نیم بمەوێ هەموو بنەماکان بگۆڕم، هەموو کەسێک شێوازی تایبەت بەخۆی، یان بەرزکردنەوەی وزە و گواستنەوەی بۆ کەسانی دیکەی هەیە، حەزدەکەم کەشی خۆشی لەنێو هەمووواندا هەبێت، کەمێک بە گومانەوە سەیری منیان دەکرد، هەرچەندە لە نیوەی دووەمی وەرزدا، شتەکان بەرە بەرە بەرەو باشی چوون“. ئەو گوتیشی ”ژیان پێویستی بە هەندێک شێتییە، مادام ئەوە وات لێناکات پرەنسیپی تایبەتی خۆت بگۆڕی، یان واز لە پرەنسیپی تایبەتی خۆت بێنی. بەڵام لە بنەماکانی مندا شتی زۆر ڕاست و لۆژیک هەیە، من کەسێکی سادەم، بەڵام هەرگیز هەوڵم نەداوە، زیان بەکەسانی دیکە بگەیێنم، یان هەراسانیان بکەم“.



”ڕێگەیان پێنەدەداین گوێ لە مۆسیقا بگرین، منیش بەبێ مۆسیقا و سەماکردن ناتوانم بژیم“

بۆ یەکەمجارە کایلۆر بە تووڕەیی قسە لەگەڵ زیدان بکات..

# زیدان بۆ ناڤاس: من بەڵێنی خۆم ناشکێنم



**ڕووداوی وەرزشی ـ CNBC**

ڕۆژنامەیەکی ئیسپانی، ئاشکرای دەکات، بۆ جاری یەکەمە کایلۆر ناڤاسی گۆڵپارێزی کۆستاریکی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی کۆنترۆلی خۆی لەدەست بدات و دەڵێت ”لەگەڵ زەینەدین زیدانی ڕاهێنەر بە تووڕەیی قسەی کردووە“.

ڕۆژنامەی دۆن باڵۆن، ڕایگەیاند لەدوای ئەوەی هەواڵی سەرلەنوێ بایەخپێدانەوەی ریال مەدرید بە دێڤید دی خیای گۆڵپارێزی یانەی مانچێستەر یونایتدی ئینگلیزی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە، گەرم بووەوە، ناڤاس کۆنترۆلی خۆی لەدەستداوەو داوای کۆبوونەوەی لە زەینەدین زیدانی ڕاهێنەر کردووە.

بەپێی ئەو سەرچاوەیە ”جاری یەکەمە ببینرێت ناڤاس بە تووڕەیی قسە لەگەڵ زیدان بکات“. هەروەها دەشڵێت ”ناڤاس داوای ڕوونکردنەوەی لە ڕاهێنەرەکەی کردووە سەبارەت بەوەی لە ڕاگەیاندنەکانەوە باس دەکرێت، گوایە فلۆرەنتینۆ پێرێزی سەرۆکی ریال مەدرید سوورە لەسەر گرێبەستکردن لەگەڵ دی خیا“.

وەک ئەو ڕۆژنامەیە، باسی دەکات، زیدان وەک هەموو جارێ کۆنترۆلی خۆی کردووەو زۆر بە هێمنی مامەڵەی لەگەڵ ناڤاس کردووەو بۆی دووپاتکردووەتەوە کە شوێنی ئەو لە پێکهاتەی سەرەکی ریال مەدرید لە مەترسیدا نییە. دۆن باڵۆن لەو بارەوە نووسیویەتی ”زیدان بە ناڤاسی گوتووە من بەڵێنی خۆم ناشکێنم، ئەوەم لەبیرە کە لەمێژە پێمگوتووی تۆ هەمیشە بژاردەی یەکەمی بۆ پاراستنی گۆڵی ریال مەدرید“.

ئەمە لە کاتێکدایە، کە ڕۆژنامەی میرۆری بەریتانی ئاشکرایکردووە، ریال مەدرید دوور لە دەزگاکانی ڕاگەیاند لە هەوڵی بەردەوامدایە بۆ گرێبەستکردن لەگەڵ دی خیا و بۆ ئەو مەبەستەش 56 ملیۆن یۆرۆی تەرخانکردووە.

ڕووداو وەرزشی

ژمارە ( 457 )
سێشەممە 2017/7/18




## ڕاستە

سەرچاوەیەکی نزیک لە یانەی ئارسیناڵی ئینگلیزی، ئەو دەنگۆیانەی پشتڕاستکردەوە کە باس لە پەشیمان بوونەوەی هیکتۆر بیلیرینی بەرگریکاری یانەی ئارسیناڵ دەکەن لە نەڕۆیشتنی بۆ ڕیزەکانی بارسێلۆنا. ئەو سەرچاوەیە دەڵێت «ڕاستە، دوای گرێبەستکردنی بارسێلۆنا لەگەڵ نیلسۆن سیمیدۆی بەرگریکاری پورتوگالی، بیلیرین هەست بە بێزاری و پەشیمان بوونەوەیەکی زۆر دەکات، چونکە وەک پێویست هەوڵی نەدا بۆ چوونە بارسێلۆنا».




KOREK Telecom


## لەبەر 5 هۆکار..

# چێڵسی ئەمساڵ ناتوانێت نازناوی پریمەرلیگ بباتەوە



**ڕووداوی وەرزشی - DAILY MIRROR**

ڕۆژنامەی دەیلی میرۆری بەریتانی، ڕاپۆرتێکی لەسەر چەندین ئاماژە بڵاوکردووەتەوە و ئەو بارودۆخەی شرۆڤە کردووە، کە ئەرکی یانەی چێڵسی لەندەنی لە پارێزگاریکردن لە نازناوی پریمەرلیگ لە وەرزی نوێدا قورس دەکات.

لەو ڕاپۆرتەیدا دەیلی میرۆر ئەو 5 هۆکارەی بۆ خوێنەرانی خستووەتەڕوو کە لەوانەیە کاریگەری بەسەر وەرزی ئەمساڵی بلوزدا هەبێت و نەتوانێت بۆ دووەم ساڵ بەسەریەکەوە نازناوی پریمەرلیگ بباتەوە.

1 ـ لەدەستدانی جامی ئینگلتەرا: چێڵسی بە بەختی زۆرەوە بۆ بردنەوەی نازناوەکە هات، بەڵام لە کۆتایی یارییەکەدا بەرامبەر نەوەکانی ڕاهێنەر ئارسین ڤینگەری ڕاهێنەری ئارسیناڵ چۆکی دادا، کە ئەویش وەرزێکی تژی لە ناکۆکی لە یاریزانان و جەماوەری تیپەکەی بەسەربرد، بەڵام توانی لە چێڵسی بباتەوە.

2 ـ پێکانی هازارد: ئیدین هازاردی ئەستێرەی بەلجیکی بلوز لە سەرەتای وەرز لە تیپەکەی دادەبڕێت، بەهۆی پێکانی لە یارییەکی دۆستانە لەگەڵ هەڵبژاردەی بەلجیکا.

3 ـ ناکۆکی کۆنتی و کۆستا: پەیوەندییەکی خراپ لەنێوان هێرشبەری تیپەکە دییگۆ کۆستای ئیسپانی و ڕاهێنەر ئەنتۆنیۆ کۆنتی ئیتاڵی دەرکەوت، دوای ئەوەی کۆنتی داوای لە کۆستا کرد، تیپێک بۆ خۆی بدۆزێتەوە، چونکە حەز ناکات چیدی کۆستا لەگەڵ تیپەکەی بەردەوام بێت.

4 ـ لەدەستدانی دەستەوارەی لۆکاکۆ: لەبەر ئەو هەموو نیگەرانییە لە تیپەکەدا، هاتنی لۆکاکۆ، ئامانجی سەرەکی چێڵسی بوو لەم هاوینەدا، متمانەی بە تیپەکە دەبەخشی، بەڵام مانچێستەر یونایتد توانی لۆکاکۆی هێرشبەری بەلجیکی بڕفێنێت.

5 ـ میرکاتۆیەکی بێهیوا: ئەو ناوانەی کۆنتی بۆ بەهێزکردنی تیپەکەی دایینابوو، یەک لەدوای یەک دەکەون، زان دایک، بۆنوچی، لۆکاکۆ، مۆراتا و چەند ناوێکی دیکە، کە کۆنتی دەیویستن، بەڵام پێدەچێ بەدیهێنانی ویستەکانی ئاڵۆزتر دەبن.

> ”گەورەترین کێشەی چێڵسی دابڕانی درێژخایەنی هازاردە بەهۆی پێکانەوە“

### دانی سیبایۆس، یاریزانی نوێی یانەی ڕیال مەدرید..

# باشترین بەهرەمەندی ئیسپانیا لەدوای چاڤی و ئینییێستا

## ”لەدوای مێسی، نەیمار و مۆنیایین چوارەم یاریپێکەری سەرکەوتووی لالیگایە“

**ئا: ڕووداوی وەرزشی**

دوای گرێبەستکردنی لەگەڵ دانی سیبایۆس، پێگەی فەرمی ڕیال مەدریدی ئیسپانی ڕایگەیاند، ڕۆژی پێنجشەممەی داهاتوو 20/7/2017، ئەو یاریزانە پێشکەشی جەماوەر و ڕاگەیاندنەکان دەکرێت، پاشان ڕۆژی دواتر دەچێتە ڕیزی یاریزانانی تیپەکە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە.

دانی چەند تایبەتمەندییەکی هەیە، کە لەم ڕاپۆرتەدا دەخەینەڕوو.

### شێوازی یاریکردن

ئەگەر یاریزانانی هێڵی ناوەڕاستی ئیسپانیت خۆشدەوێ، لە نموونەی چاڤی هێرناندێز، ئیسکۆ و چاپی ئەلۆنسۆ، تۆ لەبەرامبەر یاریزانێکی، کە وەک ئەوان زیرەک و بەهرەمەندە، بەردەوام لەسەر وەرگرتنی تۆپ، ناردنی بۆ پێش گۆڵ و شەڕکردن لەپێناوی بردنەوە موکڕە. زێدەبارەی ئەوانە، لە ڕاکردندا زۆر خێرایە و بە درێژایی 90 خولەکدا، لەڕاکردن هیلاک نابێت، لە کۆتایی یارییەکاندا نابینی لەبەر ڕاکردن هیلاک بووبێت، بەڵکو ڕادەکات و دەجەنگێت، بۆ ئەمەش خاوەنی خێرایی و هێزی پێویستە. هەروەها لەڕووی بەرگریکردن و هێرشبردنەوە، یاریزانێکی هاوسەنگە، بەباشی لە ئەرکی لەسەر یاریگە دەگات، پشتیوانی لە هێڵی ناوەڕاست دەکات و فشار دەخاتە سەر بەرامبەرەکەی، بۆ ئەوەی تۆپی لێوەرگرێت، لەوانەیە هەمان دیدی مارکۆ ئەسینسیۆی نەبێت، کەچی ئەوەندە بەهرەیەی هەیە، تاوەکو لێوەشاوە بێت و ببێتە یەکێک لە گرنگترین بەهرەمەندەکانی ئیسپانیا لە هێڵی ناوەڕاستدا، لەدوای چاڤی و ئینییێستا.

### ئامارەکانی

دانی تەمەن 20 ساڵان، لە وەرزی ڕابردوودا، لە کۆی 116 یاریپێکردندا 79 یاریپێکردنی سەرکەوتوو بوو، 50 هەڵەی کردووەو 116 هەڵەشی لەدژ کراوە، 67 جار بەری لە تۆپ گرتووە لە کۆی 182 جاردا، 12 تۆپی ئاسمانی لە کۆی 29 بردووەتەوە، 38 دەرفەتی ترسناکی ڕەخساندووە، کە دووانیان بوونەتە گۆڵ، دیقەتی شووتلێدانی بە 50% مەزەندە دەکرێ و دیقەتی پاسەکانیشی بە 81% مەزندە دەکرێ.

### ئای لەو بەهرەمەندە!

”ئای لەو بەهرەمەندە“. ”کێیە ئەو یاریزانەی درەوشاوەترین هەڵبژاردەی ئیسپانیای خوار 21 ساڵی لە کۆڵ کردووە؟“.”ئایا بینیتان ئەو یاریزانەی ناوەڕاستی لارۆخیتا چی دەکرد؟“ چۆنە تاوەکو ئێستا لە لیگا ناوبانگی دەرنەکردووە؟“.. ئەو کۆمێنتانەو زیاتریشی لە نموونەی ئەوە، لەسەر سیبایۆس تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیان داگیرکردووە. سیبایۆس یەکێکە لە دیارترین بەهرەکانی ئەمڕۆی خولی ئیسپانیا، هەرچەندە زۆر کەس ناوی ناهێنن، کەچی هەر لە تەمەنی زووەوە سەلماندوویەتی، خاوەن توانایەکی گەورەیەو وایکردووە ڕیال بیتیس گرەوی لەسەر بکات.

### منداڵێکی نەخۆش

هەرچەندە بە منداڵی کێشەی زۆری لە هەناسەدان هەبوو، کە وایکرد یانەی سێڤیا لە تەمەنی 13 ساڵیدا دەستبەرداری بێت، ئەوەش دەرفەتێکی زێڕینی بە ڤێردی بلانکۆس بەخشی، تاوەکو پڕی بداتێ و بیکاتە گرنگترین یاریزانی خۆی. لە هەمبەردا، وەرزی ڕابردوو گرنگترین و باشترین وەرزی سیابیۆس بوو، هەرچەندە باشترین وەرزی بیتیس نەبوو و لە پلەی 15 گیرسایەوە. سیبایۆس وەرزەکەی بە هێواشی دەستپێکرد، دوای ئەوەی نەیتوانی شوێنێک لە پێکهاتەی سەرەکی بۆخۆی بگرێ، بەڵام دواتر شتەکان بەتەواوی گۆڕان، بەتایبەتی دوای ئەوەی شوێنی خۆی لە لاباڵەوە بۆ ناوەڕاست گۆڕی.

دانی بە ماوەیەکی کورت، بووە ئەو مێشکەی کە ڕیال بیتیس بیری پێدەکردەوە، هەندێ یاری وەک پلەی مەیکەری پێشکەوتوو ئەنجامدا، بەر لەوەی زیاتر بۆ دواوە بگەڕێتەوەو گەشەکردنی بەرگریکردنی گەورە بنوێنێ، کە ڕێگەی پێدا بە توانایەکی زۆرەوە ببێتە دابەشکەری تۆپەکان. سیبایۆس بە ماوەیەکی زۆر کورتدا، لە ڕێکخستنی شێوازی یاریکردن بووە یاریزانێکی زۆر گرنگ، لە هێرشبردانیشدا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە.

### خاڵی بەهێزی

خاڵی بەهێزی سیبایۆس بە ڕوونی لە توانای تاکەکەسی دەردەکەوێت، کە لە ڕووبەڕووبوونەوەی دووانەدا زۆر لێهاتووی کردووە، بەمەش توانیویەتی ژمارەی گەورە لە یاریپێکردنی سەرکەوتوو تۆمار بکات، لە وەرزی ڕابردووا چوارەم یاریزان بوو لە یاریپێکردنی سەرکەوتوودا، بە 80 یاریپێکردن، لەدوای مێسی، نەیمار و مۆنیایین، هەروەها لەنێو یاریزانەکانی بیتسدا زۆرترین پاسی داوە، کە 1389 پاسە، بە ڕێژەی سەرکەوتنی 81%. دانی لەو یاریزانانەیە، کە کێشەی وەستانی لەنێو هێڵەکاندا نییە، چونکە لەژێر فشاریشدا تۆپ بەباشی وەردەگرێت. لەسەر ئاستی بەرگریکردنیشدا پەرەی زۆری سەندووە، دوای ئەوەی زیاتر لە 50 تۆپی پچڕاند لە وەرزی ڕابردوودا.

### لایەنی نەرێنی

دانی خاوەن کەسایەتیەکی بەهێزی دەگمەن نییە، لە زۆر بۆنەدا دەرکەوت، لە هەڵسوکەوتکردنی لە دەرەوەو ناوەوەی یاریگەدا، هێشتا بەباشی گەشەی نەکردووە، بۆیە هەندێجار تویتی مشتومڕهێنی بڵاوکردووەتەوە، وەک ئەوەی دوای تەقینەوەی ئەو یاریگەیەی کردبوو، کە یاری کۆتایی جامی شای لەنێوان بارسێلۆنا و ئەتلەتیک بلباوی لەسەر بەڕێوەچوو، کە فیکەلێدانی گاڵتەجاڕیی زۆری لەدژی مارشی نیشتمانیی ئیسپانی بەخۆوە بینی، بێجگە لەوەی بە ئاسانی کۆنترۆڵی خۆی لەدەست دەدات، ئەوەش بەشێوەیەکی گشتی تایبەتمەندیەکی خەڵکی ئەندەلوسە.



> ”لە تەمەنی 13 ساڵیدا سێڤیا دەستبەرداری بوو لەبەرئەوەی کێشەی لە هەناسەدان هەبوو“

> ”وەک زۆربەی خەڵکی ئەندەلوس زوو کۆنترۆڵی خۆی لەدەستدەدات“

### بۆرکابەریکردن لەسەر پریمەرلیگ وچامپیۆنزلیگ..

# کۆنتی 5 یاریزانی پێویستە

**ڕووداوی وەرزشی - SPORT**

سەرچاوەیەکی نزیک لە یانەی چێڵسی ئینگلیزی، ئاشکرایکرد ئەنتۆنیۆ کۆنتی ڕاهێنەری یانەی چێڵسی ئینگلیزی داوای لە ڕۆمان ئەبرامۆڤیچی سەرۆکی یانەکە کردووە 5 یاریزانی بۆ بکڕێت و دەڵێت ”کۆنتی بە ئەبرامۆڤیچی گوتووە ئەگەر دەتەوێ پارێزگاری لە نازناوی پریمەرلیگ بکەم و ڕکابەری لەسەر نازناوی چامپیۆنزلیگدا بکەم 5 گرێبەستم بۆ بکە“.

وەک ئەو سەرچاوەیە باسی دەکات، کۆنتی زۆر تووڕەیە لە یانەکەی بەهۆی ئەوەی لە میرکاتۆی ئەم هاوینەدا بازاڕێکی باشیان بۆ نەکردووە، کە ئەو ڕاهێنەرە پێیوایە تیپەکەی پێویستی بە گۆڕانێکی زۆر هەیە و پێویستی بە چەند یاریزانێکی سوپەر هەیە بۆ ئەوەی بتوانێت ڕکابەری لەسەر نازناوەکان بکات لەسەر ئاستی ئینگلتەرا و ئەوروپا.

ئەو سەرچاوەیە لەو بارەوە دەڵێت ”کۆنتی داوای کردووە هێڵی هێرشبردنی بە هێنانی هەردوو یاریزان ئەلڤارۆ مۆراتا لە ڕیال مەدرید و پییێر ئۆباماینگ لە بۆرووسیا دۆرتمۆند بەهێز بکات، کە ئەم دوو گرێبەستە 150 ملیۆن یۆرۆیان پێویستە“.

ڕۆژنامەی لاگازیتا دیلۆ سپۆرتی ئیتاڵیش لەو بارەوە دەڵێت ”لەدوای یەکلاییبوونەوەی گرێبەستی تیمۆ باکایۆکۆ، ڕاهێنەری چێڵسی داوای 4 یاریزانی دیکەی سوپەر دەکات، کە بریتین لە هەریەک لە ئەلڤارۆ مۆراتا و دانیلۆ لە ڕیال مەدرید و ئەلیکس ساندرۆ لە یوڤێنتۆس و پییێر ئۆباماینگ لە بۆرووسیا دۆرتمۆند“.

ئەو ڕۆژنامەیە هەروەها دەشڵێت ”زەحمەتە چێڵسی بتوانێت ئەو هەموو ئامانجانەی کۆنتی بۆ بێنێتەدی، بەتایبەتیش ئەلیکس ساندرۆ کە یوڤێنتۆس نایەوێ دەستبەرداری بێت“.

## جوانترین لێدوان



ئێمە لە بایرن میونشن پێویستیمان بە گەڕانەوەی تۆنی کرۆس هەیە، بەڵام بۆ گۆڕانی گوتن نەک یاریکردن، چونکە دەنگی زۆر خۆشە

تۆماس مۆلەر
(هێرشبەری یانەی بایرن میونشن)



چۆن مەحاڵە تابلۆیەکی دیکە جێگەی تابلۆی مۆنالیزا بگرێتەوە بەو شێوەیە مەحاڵە یاریزانێکی دیکەش بتوانێت جێگەی مێسی بگرێتەوە

تێری هێنری
(ئەستێرەی پێشووی هەڵبژاردی فەرەنسا)



هێشتا قسەم لەگەڵ ڕۆناڵدۆ نەکردووە لەبارەی ئەوەی ئایا لە ڕیال مەدرید دەڕوات یان نا. بەڵام ئەوە دەزانێت کە هەموو هاوڕێکانی تا مردن لەگەڵیدان

مارسیلۆ
(بەرگریکاری یانەی ڕیال مەدرید)



کاتێک بیستم بارسێلۆنا بایەخ بە من دەدات، بە بریکارەکەم گوت تەنیا بارسام دەوێت و سەیری هیچ دەستەوارەیەکی دیکە نەکرد

نیلسۆن سیمیدۆ
(بەرگریکاری نوێی بارسێلۆنا)



کۆنتی چیدی بەرگەی هەڵسوکەوتەکانی دییگۆ کۆستا ناگرێت بۆیە خۆی لێ ڕزگار دەکات، منیش بام وامدەکرد

هاری ڕێدناپ
(ڕاهێنەری بەناوبانگی ئینگلیزی)



دوارۆژی تۆپی پێی ئیسپانیا لەدەست سیبایۆس و ئەسینسیۆدایە، ئەوان دوو یاریزانی دەگمەن و بێوێنەن

ڤیسێنتی دیلبۆسکی
(ڕاهێنەری پێشووی هەڵبژاردەی ئیسپانیا)




## درۆیە

ئارسین ڤینگەری راهێنەری یانەی ئارسیناڵی ئینگلیزی، هەموو ئەو هەواڵانە بەدرۆ دەخاتەوە کە باس لە ویستی ئەلیکس چامبرلاینی یاریزانی یانەکە دەکەن بۆ رۆیشتن لە ئارسیناڵ. ڤینگەر لەو بارەوە گوتی «درۆیە، چامبرلاین نایەوێ لە ئارسیناڵ بڕوات، ئێمەش نامانەوێ بڕوات، بۆیە لە هەموو بارودۆخەکاندا ئەو یاریزانە هەر لە ئارسیناڵ دەمێنێتەوە، ئەو لێرە دڵخۆشە و هیچ کێشەی نییە».

KOREK Telecom

### لەبەرئەوەی درێسی ژمارە 10ی بە خامیس نەداوە..

# رۆبن لە ئەڵمانیا جنێوباران کرا

**رووداوی وەرزشی ـ DW**

خامیس رۆدریگز، ئەستێرەی پێشووی ریال مەدرید و ئێستای بایرن میونشن، ملیۆنەها جەماوەر خۆشیان دەوێ، ئەوانەی لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە سەوداسەری ئەون. هەر لەبەرئەوەشە کە دوای چوونی بۆ میونشن، ئارین رۆبن لەلایەن هەندێک لەوانەوە جنێوی زۆری پێدرا. هۆکارەکەی چییە؟.

بەهۆی ئەستێرەی کۆلۆمبی خامیس رۆدریگزی تەمەن 26 ساڵان، ئەستێرەی تازەی بایرن میونشن، ئەستێرەی هۆڵەندی قاڵبوو ئاریێن رۆبنی تەمەن 33 ساڵان، کەوتە بەر تەوژمێک جوێنپێدان، لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی ئینستاگرام.

پێگەی ویبی ئەڵمانی، لەو بارەوە گوتی ”شەیدایانی خامیس، تووڕەیی خۆیان بەسەر رۆبندا هەڵڕشت و چەند کۆمێنتێکیان لەسەر وێنەی رۆبن نووسیوە، کە هەندێکیان جنێودانی بە زمانی ئیسپانی تێدایە، لەسەر ئەو وێنەیەی کە لە مانگی تشرینی یەکەمی رابردوو بڵاوی کردبووەوە“. بەپێی ئەو ماڵپەڕە ئەو کەسانە داوایان لە رۆبن کردبوو، دەستبەرداری درێسی ژمارە 10ی بایرن میونشن بێت بۆ خامیس، چونکە خامیس لە ریال مەدرید درێسی ژمارە 10ی دەپۆشی، پێشتر لە مۆناکۆ و پۆرتۆش هەمان درێسی دەپۆشی، هەروەها لەگەڵ هەڵبژاردەی کۆلۆمبیاش هەمان ژمارە درێس لەبەردەکات، بە رادەیەک لە کۆلۆمبیا پێیدەڵێن (ئیلدیز ـ 10)، بەڵام لە بایرن درێسی ژمارە 11ی پێدراوە، لەبەر رۆیشتنی خاوەنەکەی دۆگلاس کۆستا بۆ یوڤێنتۆس.

خامیس رۆدریگز درێسی ژمارە 11ی پێدرا، ئەوەش بە دڵی ژمارەیەک لە شەیدایانی نەبوو، بۆیە جنێوی توندیان بە رۆبنی خاوەن ژمارە 10 دا. هەرچەندە خامیس بەپێچەوانەی جەماوەرەکەی زۆر بە ئاسوودەییەوە سەیری مەسەلەکە دەکات، لە کاتی پێشکەشکردنی بۆ راگەیاندنەکان لە میونشن گوتی ”ژمارە 10 بەردەست نییە و منیش رێز لەوە دەگرم، رۆبن ماوەیەکی زۆرە لێرە یاری دەکات، منیش ئەو ژمارەیە دەپۆشم، کە پێم دەبەخشن“.

لە شتە سەیرەکانی ئەو مەسەلەیە، رۆبن کە بۆ هەڵبژاردەی هۆڵەندا یاری دەکات، درێسی ژمارە 11 لەبەردەکات. باسی ئەوەش دەکرێ، کۆمپانیای ئەدیداسی سپۆنسەری خامیس، سووربوو لەسەر ئەوەی درێسی ژمارە 10 وەرگرێت، چونکە لە رووی بازاڕیکردنەوە رەواجی زیاتری دەبوو، بەڵام رۆبن رازی نەبوو. هەروەها دەگوترێت درێسی خامیس لەرووی فرۆشتنەوە لە پلەی دووەم دێت، لەدوای درێسی مێسی، بەڵام ئەو کۆمپانیا ئەڵمانییە نکۆڵی لەو پروپاگەندەیە کرد.

> ”ئەدیداس زۆر هەوڵیدا درێسی 10 بە خامیس بدرێت، بەڵام رۆبن رازی نەبوو“



> ”درێسی خامیس لەرووی فرۆشتنەوە لەدوای درێسی مێسی لە پلەی دووەم دێت“




### بەو هۆیەوە هێرش دەکرێتە سەر بارسا..

# سپۆنسەرەکەی بارسیلۆنا بکوژە

**رووداوی وەرزشی ـ THE MIRROR**

رۆژنامەی (میرۆر)ی بەریتانی ئابڕووچوونێکی تایبەت بەو کۆمپانیا ژاپۆنییە ئاشکرا کرد، کە مافی سپۆنسەریکردنی درێسی بارسیلۆنای بۆ ماوەی چوار ساڵ بردەوە.

یانەی بارسیلۆنا خۆی لەبەردەم هێرشی لایەنگرانی پاراستنی ژینگە و مافەکانی ئاژەڵ بینییەوە، بەهۆی تێوەگلانی کۆمپانیایەکی ژاپۆنی (سپۆنسەری تازەی یانە کەتەلۆنییەکە) لە چەند کارێکی پەیوەست بە کوشتنی ئاژەڵەکان بەشێوەیەکی دڕندانە.

بارسیلۆنا گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیای راکۆتینی پێشەنگ لە بواری بازرگانی ئەلیکترۆنی بۆ ماوەی 4 ساڵ واژووکردووە، بۆ ئەوەی رێکلامەکانی کۆمپانیایەکە بخاتە سەر سنگی درێسەکەی، بەڵام رۆژنامەی میرۆری بەریتانی دووپاتیکردەوە، ئەو کۆمپانیایە بەرهەمەکانی نەهەنگ دەفرۆشێت و بازرگانیش بە قۆچی فیل دەکات، دوای ئەوەی فیلەکان دەکوژێت، لەسەر ماڵپەرە ئەلیکترۆنیەکەشی رێکلامیان بۆ دەکات.

ئەو کۆمپانیا ژاپۆنییە دووپاتیدەکاتەوە، ئەو چیدی رێگە بە فرۆشتنی بەرهەمەکانی نەهەنگ نادات لەسەر ماڵپەڕەکەیدا، بەڵام رۆژنامەکە چەند وێنەیەکی بڵاوکردووەتەوە، کە پێچەوانەی ئەمە دەسەلمێنێت.

کۆمپانیای راکۆتین لە کوشتنی رەمەکی فیل بۆ دەستکەوتنی قۆچەکەی تێوەگلاوە، ئەو هاوبەشە لە کوشتنی 30 هەزار فیل لەیەک ساڵدا.

ئاژانسی ژینگە EIA، داوای لە بارسیلۆنا کردووە، بڕێک پارە لە پاراستنی ژینگە خەرج بکات و فشاریش بخاتە سەر کۆمپانیا ژاپۆنییەکە، چالاکییەکانی راگرێت.

بەرپرسێک لە ئاژانسی پاراستنی ژینگە گوتی ”دوای فشارخستنە سەر ئەو کۆمپانیا ژاپۆنییە، دەستی لە فرۆشتنی گۆشتی نەهەنگ هەڵگرتووە لەسەر ماڵپەڕەکەی لە ساڵی 2014ەوە، بەڵام هێشتا لەسەر فرۆشتنی بەرهەمەکانی قۆچ بەردەوامە، ئەوەش بەڵگەیە لەسەر پشتگیریان لە قڕکردنی فیلەکاندا“.

کۆمپانیای راکۆتین سپۆنسەری تازەی بارسیلۆنا، ئەو بڕە پارەیەی دەدیداتە بارسا، دوو ئەوەندەیە کە سپۆنەری ئێستا (هێڵی ئاسمانی قەتەڕ) دەیداتە یانەکە. راکۆتین لەو گرێبەستەی لەگەڵ بارسیلۆنا، مەبەستی رێکلامکردنی زیاترە بۆ براندە بازرگانییەکەی لە سەرانسەری جیهاندا.




### راگەیاندنەکانی ئەڵمانیا زیاتر لە مێردەکەی بایەخ بەو دەدەن..

# ژنەکەی رۆدریگز لە ئەڵمانیا هەرا دەنێتەوە

**رووداوی وەرزشی ـ DW**

قسەکردن لەسەر خامیس رۆدریگز، رووبەرێکی فراوانی لە راگەیاندنی وەرزشیی ئەڵمانیا گرتووە، دوای واژووکردنی ئەو یاریزانە کۆلۆمبییە بۆ یانەی بایرن میونشنی ئەڵمانی.

راگەیاندنەکان زیاتر لەو یاریزانە چاویان خستووەتە سەر هاوسەرەکەی دانیێلا ئۆسبینا، کە پێشبینی دەکرێ لە میونشن ئێرەیی بنێتەوە، کە خامیس ساڵی 2010 هێناویەتی و ساڵی 2013 کچەکەیان سالومی بووە. ساڵی دواتر خامیس لە مۆندیالی بەرازیل درەوشایەوەو نازناوی گۆڵکاری پاڵەوانیەتییەکەی بەدەستهێنا، پاشان بووە پاڵەوانێکی جەماوەریی لە کۆلۆمبیا.

پێدەچێت دانیێلا سەرنجڕاکێش بێت، چونکە ئەو یاریزانێکی پیشەگەری یاری تۆپی باڵەیە، وەک نمایشکەری جلوبەرگیش کاردەکات، زیاتر لە 3.6 ملیۆن سەوداسەری لە ئینستاگرام هەیە، کە وێنەکانی بڵاودەکاتەوە، چ بە تەنیا خۆی، یان لەگەڵ خێزان و خزمەکانی، لەوانەش براکەی داڤید ئۆسبینای گۆڵپارێزی هەڵبژاردەی کۆلۆمبیا، وەک ئەوەی ماڵپەڕی برۆمیفلاشی ئەڵمانی باسی کردووە.

راگەیاندنەکانی ئەڵمانیا ئێستا باسی جوانییەکەی دانیێلای هاوسەری خامیس دەکەن، وێنەی زۆریشی بڵاودەکەنەوە، کە لەبەردەم کامێراکان دەوەستێت. چەندین پێگەی ئەلیکترۆنی، پێشبینی ئیرەیی بردنی هاوسەری یاریزانانی بایرن میونشن لە دانیێلا دەکەن، بەهۆی دیمەنی سەرنجڕاکێشییەوە، باسی ئەوەش دەکەن، دەبێتە رکابەریان، نەخاسمە کاتی هۆمیلزی هاوسەری ماتس هۆمیلز، کە ماوەی 11 ساڵە وەک نمایشکەری جلوبەرگ کاردەکات، هیچ بۆنەیەکی تایبەت بە نمایشی مۆدیل و جوانیشی لە کیس ناچێت. ئەوەی ئێستا لە ئەڵمانیا لەهەمبەر دانیێلا روودەدات، زۆر لەو پێشوزایکردنە جیایە، کە لە ئیسپانیا لێیکرا، ئەوکاتەی خامیس ساڵی 2014 چووە ریزەکانی ریال مەدرید. جەماوەری ریال دانیێلایان پێ جوان نەبوو و پێیانوابوو (لە رووی شێوەوە هەرگیز لە هاوسەرەکەی ناوەشێتەوە)، دەڵێن لە هەمان ساڵدا، چەند نەشتەرگەریەکی جوانکاری بۆ گەردن و لووتی کردووە، وەکو پێگەی (برۆمیفلاش) باسی دەکات.

لە بەهاری ئەم ساڵەشدا، پروپاگەندە لە راگەیاندنەکانی کۆلۆمبیا و ئیسپانیا بڵاوبووەوە، گوایە خامیس بەو نزیکانە لە هاوسەرەکەی جیادەبێتەوە، بەڵام هیچ شتێکی لەو جۆرە رووی نەدا.

دانیێلا لە بارەی مێردەکەیەوە دەڵێت ”خامیس باوکێکی نایابە، بە خاکییەوە دەبێت دان بەوەدا بنێم، بێجگە لەوەش ئەو سەبارەت بە تەمەنی، کەسێکی تەواو پێگەیشتووە“.

> ”پێشبینی دەکرێت هاوسەری یاریزانانی بایرن میونشن ئیرەیی بە دانیێلا ببەن“

## ـەکانی هەفتە



راستە ناوبژیوانانی خولی ئیسپانیا لە وەرزی رابردوودا زۆر هەڵەیان کرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ریال مەدرید شایەنی بردنەوەی نازناوی لالیگا بوو

تیر شتیگن
(گۆڵپارێزی یانەی بارسیلۆنا)



واین رۆنی هێرشبەرێکی جیاواز و تایبەتە، دەتوانم وەک هێرشبەری ژمارە 10 یان ژمارە 7 یان ژمارە 9 یاری پێ بکەم

رۆناڵد کومان
(راهێنەری یانەی ئێڤێرتۆن)



خامیس رۆدریگز لەبەرئەوە مانچێستەر یونایتدی رەتکردەوەو بایرن میونشنی هەڵبژارد، چونکە زیاتر لە مۆرینیۆ متمانەی بە ئەنچیلۆتییە

ئەلفرێدۆ ریلانۆ
(سەرنووسەری رۆژنامەی AS ی ئیسپانی)



خامیس رۆدریگز ئەو کەسایەتییە بەهێزەی نەبوو کە پێویستە یاریزانی ریال مەدرید هەیبێت

هۆگۆ سانچێز
(هێرشبەری پێشووی ریال مەدرید)



لە راستیدا نازانم من باشتر بووم یان جیانلویجی بوفۆن، پێویستە جەماوەری ئیتاڵیا ئەو پرسیارە وەڵام بداتەوە

دینۆ زۆف
(گۆڵپارێزی پێشووی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا)



هەرگیز چاکەی جەماوەری سێڤیا لەبیرناکەم، بەڵام کارگێڕی یانەکە هەندێ رەفتاری بەرامبەر کردم کە مایەی شەرمەزاری بوون

عادل رامی
(بەرگریکاری پێشووی یانەی سێڤیا)

## مەرجێکی سەیر



یانەی بێنفیکای پورتوگالی وردەکاری گرێبەستکردنی یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی لەگەڵ یاریزانەکەی نیلسۆن سیمیدۆ ئاشکراکرد، کە مەرجێکی سەیری تێدایە. بێنفیکا لەسەر پێگەی فەرمی خۆی بڵاویکردووەتەوە «بڕی گرێبەستەکەی سیمیدۆ 30.5 ملیۆنی یۆرۆیە بۆ 5 ساڵ، بەڵام تاوەکو ماوەی گرێبەستەکەی تەواو دەبێت، لە هەر 50 یاری کە سیمیدۆ ئەنجامی دەدات، پێویستە بارسێلۆنا 5 ملیۆن یۆرۆی دیکە بە بێنفیکا بدات».

# خشتەی یارییە دۆستانەکانی یانە گەورەکانی ئەوروپا

ئا: ڕەمزی میرەکانی

یان گەورەکانی ئەوروپا دەستیان بە ئامادەکاری بۆ وەرزی 2017 ـ 2018 کرد. لە سەرەتای ئەم هەفتەیەش کەمپەکانی مەشقکردنی ئامادەکاریی دەستیانپێکرد. هەموو تیپێک یارییە دۆستانەکانی خۆی لە ماوەی ئامادەکاریی دیارییکردووە.

لەم ڕاپۆرتەدا تیشک دەخەینە سەر نەخشەی ئامادەکاریی یانە گەورەکانی ئەوروپا بۆ وەرزی تازە. کە بێجگە لەوەی زۆربەی یارییەکان دۆستانەن، هەندێکیشیان یاری فەرمین وەک یاری سوپەری ئەوروپا و یاری سوپەری خولە ناوخۆییەکانی ئەوروپا.

### مانچێستەریونایتد

مانچێستەر یونایتد براوەی نازناوی یۆرۆپالیگ، وەرزی تازەی بە جامی سوپەری ئەوروپا بەرامبەر ڕیال مەدرید، لە 2017/8/8 دەستپێدەکات، دوو هەفتە پێش یاری یەکەمی لە پریمەرلیگ بەرامبەر وێستهام. یارییە ئامادەکارییەکانی شەیتانە سوورەکان بەمشێوەی لای خوارەوەیە.

2017/7/20: مانچێستەر یونایتد ـ مانچێستەر سیتی (هیوستن ـ ئەمریکا)
2017/7/23: مانچێستەر یونایتد ـ ڕیال مەدرید (سانتا کلارا ـ ئەمریکا)
2017/7/26: مانچێستەر یونایتد ـ بارسێلۆنا (لاندرۆڤەر ـ ئەمریکا)
2017/7/30: ڤالیرنگا ـ مانچێستەر یونایتد (ئۆسلۆ ـ نەرویج)
2017/8/2: مانچێستەر یونایتد ـ سامپدۆریا (دبلن ـ کۆماری ئێرلەندا)

### پاریس سانجێرمان



پاریس سانێرمان ڕۆژی 2017/7/7 دەستی بە مەشقەکانی کردووە، پێش گەشتەکەیان بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. نەخشەی یارییە دۆستانەکانیشی بۆ وەرزی داهاتوو، بەمشێوەی لای خوارەوەیە.

2017/7/19: پاریس سانجێرمان ـ ڕۆما (دیترۆیت ـ ئەمریکا)
2017/7/22: پاریس سانجێرمان ـ تۆتێنهام (ئۆرلاندۆ ـ ئەمریکا)
2017/7/26: پاریس سانجێرمان ـ یوڤێنتۆس (میامی ـ ئەمریکا)

### بارسێلۆنا

هەفتەی ڕابردوو ڕاهێنەری تازە ئێرنستۆ ڤالڤێردی، سەرپەرشتی یەکەم مەشقی بارسێلۆنای کرد، بەر لە دەستپێکردنی کەمپی مەشقی ئامادەکاریی بۆ جامی سوپەری ئیسپانیا. یارییە دۆستانەکانی بارسێلۆنا بۆ وەرزی تازە، بەمشێوەی لای خوارەوەیە:

2017/22/7: بارسێلۆنا ـ یوڤێنتۆس (نیویۆرک ـ ئەمریکا)
2017/7/26: بارسێلۆنا ـ مانچێستەر یونایتد (واشنتۆن/ئەمریکا)
2017/7/29: بارسێلۆنا ـ ڕیال مەدرید (میامی ـ ئەمریکا)
2017/8/8: بارسێلۆنا ـ چاپیکۆینسی (بارسێلۆنا ـ ئیسپانیا)

### ئەتلەتیکۆمەدرید



یانەی ئەتلەتیکۆ مەدریدی ئیسپانی، ڕۆژی 2017/7/6 لە شاری لۆس ئەنجلۆس دی سان ڕافائییلدا، دەسیتی بە مەشق و ڕاهێنان کرد، کە یەک کاژێر لە مەدریدی پایتەختی ئیسپانیاوە دوورە، نەخشەی یارییە دۆستانەییەکانیشی بەمشێوەی لای خوارەوەیە.

ئەتلەتیکۆ مەدرید ڕۆژی 22ی ئەم مانگە یەکەم یاری خۆی ئەنجام دەدات، بەڵام تاوەکو ئێستا ناوی ئەو تیپە دیاریی نەکراوە، کە ئەتلەتیکۆ مەدرید یاری بەرامبەری دەکات:

2017/7/25: تۆلۆکا ـ ئەتلەتیکۆ مەدرید (تۆلۆکا ـ مەکسیک)
2017/8/1: ئەتلەتیکۆ مەدرید ـ ناپۆلی (میونشن ـ ئەڵمانیا)
2017/8/2: ئەتلەتیکۆ مەدرید ـ بایرن میونش یان لیڤەرپوول (میونشن ـ ئەڵمانیا)
2017/8/6: برایتۆن ئاندهۆف ئەلبیۆن ـ ئەتلەتیکۆ مەدرید (برایتۆن ـ ئینگلتەرا).

### ڕیال مەدرید

پاڵەوانی خولی ئیسپانیا و چامپیۆنزلیگ، ڕۆژی 2017/7/14 دەستی بە مەشقەکانی کردووە، وەک ئامادەکاریی بۆ جامی سوپەری ئەوروپا بەرامبەر مانچێستەر یونایتد و سوپەری ئیسپانیا بەرامبەر بارسێلۆنا، خشتەی یارییە ئامادەکارییەکانی یانەی شاهانە بۆ وەرزی داهاتوو، بەمشێوەی لای خوارەوەیە.

2017/7/23: ڕیال مەدرید ـ مانچێستەر یونایتد (سانتاکلارا ـ ئەمریکا)
2017/7/26: ڕیال مەدرید ـ مانچێستەر سیتی (لۆس ئەنجلۆس ـ ئەمریکا)
2017/7/29: ڕیال مەدرید ـ بارسێلۆنا (میامی ـ ئەمریکا).



### مانچێستەرسیتی

هەفتەی ڕابردوو، مانچێستەر سیتی دەستی بە مەشقەکانی کرد، لەژێر سەرپەشتی ڕاهێنەری ئیسپانی پیپ گواردیۆلا، کە نەخشەی یارییە دۆستانەییەکانی تیپەکەی بەمشێوەی لای خوارەوە داناوە.

2017/7/20: مانچێستەر سیتی ـ مانچێستەر یونایتد (هیوستن ـ ئەمریکا)
2017/7/26: مانچێستەر سیتی ـ ڕیال مەدرید (لۆس ئەنجلۆس ـ ئەمریکا)
2017/7/29: مانچێستەر سیتی ـ تۆتێنهام (ناشفیل ـ ئەمریکا)
2017/8/4: مانچێستەر سیتی ـ وێستهام (ڕیکیافیک ـ ئایسلەندا)

### چێڵسی

وەرزی پاڵەوانی خولی نایابی ئینگلیزی، لە 2017/8/6 لە دژی ئارسینال، لە جامی سوپەری ئینگلیزی دەستپێدەکات. خشتەی یارییە ئامادەکارییەکانی بلوز، بۆ وەرزی داهاتوو بەمشێوەی لای خوارەوەیە.

2017/7/22: چێڵسی ـ ئارسینال (پەکین ـ چین)
2017/7/25: چێڵسی ـ بایرن میونشن (سەنگافورە)
2017/7/29: چێڵسی ـ ئینتەرمیلان (سەنگافورە)

### یوڤێنتۆس

ماسیملیانۆ ئەلیگری، ڕاهێنەری یانەی یوڤێنتۆسی ئیتاڵی، خۆی بۆ یەکەم نازناوی وەرزی تازە ئامادە دەکات، کاتێک ڕووبەڕووی یانەی لازیۆ دەبێتەوە، لە جامی سوپەری ئیتاڵیا لە ڕۆژی 2017/8/13. یارییە ئامادەکارییەکانی خانمە پیرەکە بۆ وەرزی داهاتوو، بەمشێوەی لای خوارەوەیە.

2017/7/19: تیگریس ـ یوڤێنتۆس (مۆنتێری ـ مەکسیک)
2017/7/22: یوڤێنتۆس ـ بارسێلۆنا (نیویۆرک ـ ئەمریکا)
2017/7/26: یوڤێنتۆس ـ پاریس سانجێرمان (میامی ـ ئەمریکا)
2017/7/30: یوڤێنتۆس ـ ڕۆما (بۆستن ـ ئەمریکا)

### بایرن میونشن



یانەی بایرن میونشی ئەڵمانی، پێش هەموو یانەکانی دیکەی ئەوروپا دەسیتی بە مەشقەکانی کرد، ئەویش لە 2017/7/1 بوو، وەک ئامادەکاریی بۆ ڕکابەرییەکان لە 2017/8/5، کە سەرەتاکەی بە جامی سوپەری ئەڵمانیا بەرامبەر بۆرووسیا دۆرتموند دەبێت. خشتەی یارییە دۆستانەکانی یانەکەی باڤاریا، وەک ئامادەکاریی بۆ وەرزی داهاتوو بەمشێوەی لای خوارەوەیە:

2017/7/6: ڤۆلڤراتسهاوزن ـ بایرن میونشن (ڤۆلڤراتسهاوزن ـ ئەڵمانیا)، کە بە بردنەوەی بایرن میونشن بە 4 ـ 1 گۆڵ کۆتاییهات.
2017/7/9: ئێرلانگن براک ـ بایرن میونشن (ئێرلانگن ـ ئەڵمانیا)، کە بە بردنەوەی بایرن میونشن بە ئەنجامی 9 ـ 1 گۆڵ کۆتاییهات.
2017/7/15: بایرن ـ هۆڤنهایم (مونشنگلادباخ ـ ئەڵمانیا)، کە بە بردنەوەی بایرن میونشن بە 2 ـ 1 گۆڵ کۆتاییهات.
2017/7/19: بایرن میونشن ـ ئارسینال (شەنگهای ـ چین)
2017/7/22: بایرن میونشن ـ ئەی سی میلان (شینزین ـ چین)
2017/7/25: بایرن میونشن ـ چێڵسی (سەنگافورە)
2017/5/27: بایرن میونشن ـ ئینتەرمیلان (سەنگافورە)
2017/8/1: بایرن میونشن ـ لیڤەرپوول (میونشن ـ ئەڵمانیا)
2017/8/1: بایرن میونشن ـ ناوی تیپەکە هێشتا دیاری نەکراوە (میونشن ـ ئەڵمانیا)

## شێرەکەی هۆڵەندا لە (نێر)ەوە دەبێتە (مێ)



ئا: ڕووداوی وەرزشی

کۆمپانیای نایکیی جیهانی، بۆ دیزاینکردنی جلوبەرگ و کەلوپەلی وەرزشی، گۆڕانکارییەکی تازەی بەسەر شێوەی درێسی هەڵبژاردەی یەکەمی خانمانی هۆڵەندادا هێناوە، کە میوانداریی جامی نەتەوەکانی ئەوروپا بۆ تۆپی پێی خانمان دەکات، لە ماوەی نێوان 7/16 تاوەکو 2017/8/6.

کۆمپانیای نایکی دروشمی (شێری نێرە)، کە لەسەر درێسی هەڵبژاردەی هۆڵەندا دادەنرا بۆ (شێری مێیە) گۆڕیوە. بە گوێرەی پێگەی فەرمی کۆمپانیای نایکی، ئەو کۆمپانیا جیهانییە بڕیاری گۆڕینی شێوەی شێرە شاهانییەکەی سەر سینگی هەڵبژادەی یەکەمی خانمانی هۆڵەندای داوە، کە لەوەتەی 17ی نیسانی ساڵی 1971 هەڵبژاردەی خانمانی هۆڵەندا دەیپۆشن، ئەوکاتەی یەکەم یاری فەرمییان لەدژی هەڵبژاردەی خانمانی فەرەنسا ئەنجامدا، شێوە تازەکەش لەسەر شێوەی شێرێکی مێیە دەبێت.

دروشمی تازە لەیاری نێوان هەڵبژاردەی هۆڵەندا و نەرویج دەرکەوت، لە یاری کردنەوەی جامی نەتەوەکانی ئەوروپا 2017، بۆ تۆپی پێی خانمان، کە ئێستا هۆڵەندا میوانداریی دەکات. پێدەچێت دروشمی تازە بۆ خانمان لێوەشاوەتر بێت، چونکە نیشانەیە بۆ شێری مێینە، بەپێچەوانەی دروشمە کۆنەکە، کە بە سیمبولێک لە سیمبولەکانی تۆپی پێی هۆڵەندا دادەنرێ، لەبەر ئەوەی یەکێتی تۆپی پێی هۆڵەندا، لەوەتەی لە ساڵی 1904 دامەزراوە بەکاری دێنێت، هەروەها هەڵبژادەی یەکەمی هۆڵەنداش، لە ساڵی 1907 لەسەر درێسی خۆی داناوە، ئەوکاتەی یەکەم یاری خۆی بەرامبەر بەلجیکا ئەنجامدا، کە هەڵبژاردەی ئاشەکان بە 3 گۆڵی خاوێن یارییەکەی بردەوە.


KOREK Telecom

# تەنها بۆ تۆ
# ئۆفەری نایابی کورەك




مەهێڵە هیچ نامەیەکی (کورەك)ت لەدەستبچێ...
بەردەوام نامەی وەرگیراوت بخوێنەوە بۆ ئەوەی سوودمەندبیت لە ئۆفەری ناوازە.

korektel.com
411




## زەڕافەیە

پیتەر کراوچی هێرشبەری یانەی ستۆک سیتی، بەردەوامە لە راکێشانی سەرنجەکان بەلای خۆیدا. هاندەران داوایانلێکرد ناوی خۆی بگۆڕێت وەک ئەوەی هەندێ یاریزان بەهۆی گەورەیی یان درێژیی بالایان نازناوێک بۆ خۆیان دادەنێن، بۆ نموونە هالکی بەرازیلی، کە ناوی راستەقینەی جیفانیلدۆ ڤیێرا دی سۆزایە. هەندێک داوایان لە کراوچ کردووە ناوی خۆی بکاتە زەڕافە، بەهۆی ئەوەی درێژی باڵاکەی 204 سانتیمەترە.



ڕێبوار محەممەد

## میلان دووچاری هەڵئاوسان نابێت؟

دەڵێن کاتێک لە هۆنگ لی سەرۆکی نوێی یانەی میلانیان پرسی بەنیازی چی بکەیت دوای ئەوەی بوویتە خاوەنی ئەو یانەیە؟ ئەو سەرمایەدارە چینییە کە زۆری ویست تا یانەکە لە ژێر دەستی سیلڤیۆ بێرلسکۆنی سەرۆکی پێشووی یانەکەدا دەربهێنێت، بە پێکەنینەوە ڕایگەیاندووە "ڕیال مەدرید لە لوتکەی ئەورووپادا هەست بە تەنیایی دەکات، دەمانەوێ میلان ببینەوە پاڵی". ئەم قسەیە هەرچەندە دڵنیانیم لە ڕاستییەکەی، بەڵام خەون و ختوورەی دڵی هەموو میلانییەکە، چونکە ئەگەر ڕیال مەدریدیش هەست بە تەنیایی نەکات، بێگومان میلانییەکان هەست بەتەنیایی دەکەن کاتێک دەبینن هەر ئەوان لە کۆتایی وەرزەکاندا ئاهەنگی بەدەستهێنانی نازناوەکان ناگێڕن.

میلان ئەم هاوینە شوێنپێی بە هەموو زەبەلاحەکانی ئەورووپا چۆڵکردووە و زەمینەلەرزە لە دوای زەمینەلەرزە لە بازاڕی گواستنەوەی یاریزانانی دەدات و ڕۆژ نییە ناوی چەندین یاریزان بەو یانەیەوە نەبەسترێنەوە و هەفتەش نییە ئەو یانەیە لانی کەم گرێبەستێک ئاشکرا نەکات.

ئەوەی کارگێڕیی میلان دەیکات، بێگومان هەنگاوێکی باشە بۆ گەڕانەوە سەر ڕاستەڕێی یانەکە کە پێشتر یەکێک لە گەورەکانی ئەورووپا بوو و خاوەنی دەیان ئەستێرەی گەورە و یاریزانی لێهاتوو بوو و تا ئێستاش لە ژمارەی نازناوەکانی چامپیۆنزلیگدا دووەمە، لە دوای ڕیال مەدریدەوە و لە نازناوی سێریا ئەیشدا دووەمە، لەگەڵ ئینتەرمیلان لە پاش یۆڤێنتۆسەوە بە 18 نازناو.

میلان دوای ساڵانێکی قاتوقڕی و چنینەوەی هەڵەی کارگێڕییە دەستبەستراوەکەی بەهۆی بێپارەییەوە، ئێستا کار بۆ بەدەستهێنانەوەی ناوبانگی مەزنی پێشووی دەکات، ئەو هەنگاوەش هەموان دەزانن بە کڕینی ژمارەیەک یاریزانی باش دەستپێدەکات. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە: بەم کارانە میلان دووچاری هەڵئاوسان نابێتەوە؟ ئەنجامەکەی چی دەبێت؟

تا ساتی نووسینی ئەم دێڕانە، میلان نۆ گرێبەستی لە نێوان خواستن و کڕینی یەکجارەکیدا ئەنجامداوە، کە دیارترینیان بێگومان لیۆناردۆ بۆنۆچی بەرگریکەری تەمەن 30 ساڵ بوو کە دەگوترێ ئەو کاپتنی داهاتووی میلان دەبێت.

ئێستا بازاڕەکە بەشێوەیەکە هاوشێوەی ئەوەی وەرزەکانی پێشوو بەسەر ڕیال مەدرید و بارسێلۆنادا دەهات، هەمان شت بەسەر میلاندا هاتووە و هەرچی ئەستێرە هەیە ناوی بە میلانەوە بەستراوەتەوە، بەرپرسانی یانەکەش ئاشکرایان کردووە ئەوان هێشتا کاری زۆریان لە بازاڕی کڕینی یاریزاناندا ماوە.

لە پاش ریناتۆ سانچێزەوە، ئێستا ڕۆژنامەکان باس لە تۆنی کرووس، لۆکا مۆدریچ و تەنانەت ئەلڤارۆ مۆراتا دەکەن بۆ پەیوەندیکردن بە میلانەوە و ئەوەش ئاماژەیە بەوەی کارەکە ماویەتی.

میلان تا ئێستا نزیکەی پێکهاتەیەکی تەواوی کڕیوە، لە بەرامبەریشدا ژمارەیەکی زۆر کەمی یاریزان لە یانەکە ڕۆیشتوون کە دیارترینیان کیسۆکی هۆندای ژاپۆنییە. کاتێک تەماشای لیستی ئێستای میلان دەکەیت 39 یاریزان لە یانەکەدا هەن و ئەوەش دەمانخاتە بەردەم ئەو پرسیارەی ئەوە هەڵئاوسان دروست ناکات؟ پرسیارێکی دیکەش ئەوەیە یاریزانە هاتووەکان هەموویان لە ڕووی ئاست و لێهاتوویی و کوالیتییەوە لەوانەی ئێستای یانەکە باشترن؟ من پێمولیە هەندێک زیادەڕۆیی لە کڕینی یاریزاناندا لەو یانەیەدا هەیە.

هیچ یاریزانێکی ئێستای میلان جگە لە تازەهاتووەکان لە داهاتووی خۆی دڵنیا نین جگە لە دۆنارۆما نەبێت، هەموان لە دوو دڵیدا دەژین، کارەکانی یانەکە چەندە بە کڕینی یاریزانان دروست و ڕاستە، هێندەش بەو ژمارە زۆرییەی یاریزانان هەڵەیە، پێمولیە ئێستا میلان لەبەردەم هەڕەشەی هەڵئاوسان و زیادەیی لە یاریزاندایە، ئەوەش بێگومان ئەگەر مۆنتێلا زوو چارەسەری نەکات، لە وەرزی داهاتوودا سەرئێشەی زۆری بۆ دروستدەکات.



دوای چەندین ساڵ دژایەتیکردنی ئافرەت..

# سانچێز کەپڵێکی گرت

**ڕووداوی وەرزشی ـ Daily Star**

ئەلیکسیس سانچێز، هێرشبەری چیلیی ئارسیناڵی ئینگلیزی، پەیوەندی دانانی خۆی لەگەڵ کچە ئەکتەر مایتی ڕۆدریگز ڕاگەیاند، دوای چەندین ساڵ لە مانگرتن، لە دانانی پەیوەندی لەگەڵ ئافرەتاندا. کە پێشتر هەمیشە دەیگوت «پێمباشە لە ماڵەوە لەگەڵ سەگەکەم بم نەک پەیوەندی لەگەڵ کچێک دانێم».

ڕۆژنامەی دەیلی ستاری ئینگلیزی، باس لەوە دەکات، ئەلیکسیس سانچێز وێنەیەکی خۆی و میتی ڕۆدریگزی، لەسەر ئەژماری خۆی لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی ئینستاگرام بڵاوکردووەتەوە، بەمەش پەیوەندی بەستنی خۆی بەو ڕاگەیاندووە، دوای ساڵانێکی درێژ لە مانگرتن لە پەیوەندی دانان لەگەڵ ئافرەتاندا. ڕۆژنامەکە ئاماژە بەوەش دەکات، سانچێز لە پشووی هاوینەدا چاوی بە مایتی ڕۆدریگز کەوتووەو ماوەیەکی زۆری لەگەڵیدا بەسەربردووە، دوای ئەوەی ڕاددەی شەیدابوونی خۆی بۆ سەگەکان پێگوتووە. سانچێز ساڵی ڕابردوو ڕایگەیاند، ئەو هیچ دۆستێکی نییە، پێیباشە لە ماڵەوە لەگەڵ سەگەکەی بێت، لەجیاتی ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ کچێکدا هەبێت، دووپاتیشی کردەوە حەزی لە دانانی پەیوەندی لەگەڵ ئافرەتاندا نییە، بەڵام وادیارە ئەو خانمە ئەکتەرە لێهاتووە، توانیویەتی بیروباوەڕەکانی بگۆڕێت.

پێشبڕکێ





**به کورتترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە**

کورتە نامەیەک لەگەڵ ناوی خۆت بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی:

0750 833 3555



براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو

ئاراس ساڵح لە چەمچەماڵ

بە لێدوانی: (بەگوێی ئەچرپێنێت، کێشی دابەزێنێت)

لە تەمەنی 31 ساڵی وازی لە تۆپی پێ هێناوە..

# یاریزانێکی مانچێستەر یونایتد دەبێتە قەشە



**ڕووداوی وەرزشی ـ MU4**

فیل مۆلرین، ئەستێرەی پێشووی یانەی مانچێستەر یونایتدی ئینگلیزی، بڕیاریداوە ببێتە قەشە و بە بڕیاری ئەسقەفێک وەک قەشە لە شاری دبلن دانراوە.

فیل مۆلرین، شەیدایانی خۆی تووشی سەرسوڕمانکرد، بە دامەزرانی وەک قەشەیەکی سەر بە کڵێسای ڕۆمانی کاسۆلیکی. فیل مۆلرین لەبەر پێکانەکان بە زوویی و لە تەمەنی 31 ساڵیدا وازی لە تۆپی پێ هێنا، بوڵام لەجیاتی ئەوەی بەشێوەیەکی دیکە لە جیهانی تۆپی پێ بەردەوام بێت، بە بوون بە ڕاهێنەر یان پیشەیەکی دیکە، ژیانێکی تەواو پێچەوانەی هەڵبژارد، تاوەکو بە فەرمی ببێتە قەشە.

مۆلرین پیرۆزبایی ئەسقەف جۆزیف ئۆگستین دی نۆیای بەدەستهێنا، کە بەتایبەتی لە ڕۆماوە هاتبوو، بۆ ئەوەی ئەو یاریزانە پێشووەی یانەی شەیتانە سوورەکانی ئینگلتەرا وەک قەشە لە شاری دبلن لە ئێرلەندا دابنێت.

مۆلرین لە دەرچووانی ئەکادیمیای مانچێستەر یونایتدە لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا، ئەو لەتەک یاریزانە مەزنەکانی وەک دێڤید بێکهام، پۆل سکۆڵز و ڕایان گیگز یاریکردووە، بەر لەوەی ساڵی 1999 بچێتە ڕیزەکانی یانەی نۆریچ سیتی ئینگلیزی.

KOREK Telecom

# هەمیشە دڵشادبە

ئینتەرنێتی ڕۆژانە و مانگانەی بێسنوور لە (کورەك)ەوە





لەگەڵ کورەك بەکارهێنانی ئینتەرنێت هیچ سنوورێکی نییە. هەر ئێستا بەشداربە لە پاکێجەکانی ئینتەرنێتی کراوە, بە پێی ئەم وردەکارییانەی خوارەوە:

- پاکێجی ڕۆژانە: تەنها بە 2,000 دینارە و بۆ ماوەی 24 کاتژمێر بەردەستە
- پاکێجی مانگانە: تەنها بە 30,000 دینارە و بۆ ماوەی 30 ڕۆژ بەردەستە

بۆ بەشداریکردن لە پاکێجی ڕۆژانە بە نامەیەك ژمارە 1 و بۆ پاکێجی مانگانەش ژمارە 3 بنێرە بۆ 250, یاخود پەیوەندی بکە بە #250*

korektel.com

411



هەموو دووشەممەیەک بخوێنەوە

ڕووداو هەموومان گەنجتر دەکاتەوە

RÛDAW

(ڕووداوی وەرزشی) ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای ڕووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو ڕۆژانی سێشەممە دەریدەکات

www.rudaw.net

لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە

سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد

e-mail:ihsan@rudaw.net - 0750 833 34 44

ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی

بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی

دیزاینەران: هونەر مەرجان ـ ژیرۆ عەبدولرەحمان